

گەشاوە جاف

## دڵم بۆتە لانەی خەمی عاشقانیووڵات

دڵم بۆتە لانەی خەمی عاشقانی ووڵات
بۆ تە خەراباتی سەر دەرناکەم
لەم خەمە بێ شوومارە

فرمێسك جاوانم لێڵ دەكات
ووردە ووردە دەرژێتە خوارێ
کەچی ناتوانێ دایبمرکێنێ
گڕی تاسەی شێوەی عاشقێکی
کوژراو

سەرم پڕە لە هاواری شەهیدانی
ڕێگەی عەشق بە هیچ دۆعا و نزایەك
ئەم سەدایە کپ نابێت

نەبوونی خۆشەویستی لە ووڵات
دەردێکەو دەواکەی زۆر بە ئاسان
پەیدا نابێت

نا ڕاستی و یەکتر هەڵ خەڵەتان
خەریکە بەهای چیرۆکی ئەفسانەی
عاشقان لەناو دەبات و ئەیرەوێنێتەوە

عەشق ئەمرۆ لە ووڵاتمان بۆتە
ڤایرۆسی کوشتنی گشت مێ یەکان

پیاوانی کۆمەڵگەکەم کە مێ وەفا بنوێنن
کەم دڵی عاشقانی وولاتم بڕەنجێنن

بابەس بێ لەت و پەت کردن بە نەزانی
باوك ،برا،هاوسەر هەر خۆتانن تا مردن
ئەکێشن پەشیمانی

زۆر بەداخە پیرۆزی خۆشەویستی تان
ڕەوانەوە ئەی بەن بەرەو نەمان
عەشقتان کردە تابوویەك لە بەردەمی
هەموو لاوان.

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە گیانی گشت شەهیدانی ڕیگەی عەشق لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

لەندەن /